### (خەسرۆ گۆران) سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا:

# مانەوەو نەمانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەموسڵ پێوەندی بە لیستی حەدبا نییە



**تایبەت بە (دەنگی مەخموور)**

دوای ئەوەی لیستی حەدبا بە سەرۆکایەتی ئەسیل نوجێفی پۆستە ئیدارییەکانی موسڵی بە تەنیا بەسەر لیستەکەی دابەشکرد، دوای ئەو هەڵوێستەش لیستی برایەتی نەینەوا کشانەوەی خۆی لەو ئەنجوومەنە راگەیاندو ٣ قەزای کوردیش بایکۆتی ئەو ئەنجوومەنەیان کرد.

بەپێی دوایین زانیاری، هێشتا کێشەی نێوان لیستی برایەتی‌و لیستی (حەدبا) لەبەرانبەر بەشداریکردنی کورد لەئیدارەی ئەو پارێزگایەدا چارەسەر نەکراوە. ئەسیل نوجێفی لەبارەی دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ لیستی برایەتی نەینەوادا مەرجی هەیە کە دەبێت لیستی برایەتی دان بەتەواوی سنووری ئیدارییەکانی پارێزگای موسڵ بنێت‌و هەروەها کۆتایی بەدەسەڵاتی کوردی لەچەند یەکەیەکی ئیدارییدا بهێنێت.

لەبەرانبەر ئەو لێدوانەی نوجێفی (خەسرۆ گۆران) سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا رایگەیاند "مانەوەو نەمانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەموسڵ پێوەندی بە لیستی حەدبا نییەو ئەوە رێککەوتنێکە لەنێوان حکومەتی ئێراق‌و حکومەتی هەرێم کراوە، ئەوەشی گوت کە "کێشەی کورد لەموسڵ کێشەی خاك‌و نەتەوەیە".

فەرید ئەسەسەرد سەرۆکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان لەلێداونێکدا رایگەیاند "هاندانی قەزاو ناحیەکان بۆ یاخیبوون لەپارێزگای موسڵ‌و رێگەنەدان بەسەردانیکردنی پارێزگار، دواجار زیان بەقەزاکان دەگەیەنێت‌و ئەو بودجەیەی لەبەغداوە بۆیان دێت بێبەش دەبن‌و مافی قەزاو ناحیەکان دەفەوتێ.

لەبەرانبەر دروستبوونی ئەو کێشەو ململانێیەی نێوان هەردوو لیستەکە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێراق (عارف تەیفوور) لەلێداونێکدا بۆ ئاژانسی ئاکانیوز رایگەیاند "ئەو کێشەیە کێشەیەکی دەستووری‌و هەڵبژاردنە باوەڕناکەم دادگەی ئیداریی ئێراق دەستکاری ئەو کێشەیە بکات، چونکە ئەمە کێشەیەکی دادگەیی نییەو کێشەیەکی تەوافووقی هەمە لایەنەیەو لەدەستووری ئێراقیشدا هاتووە کە دەبێت بەهەمەلایەنی بەڕێوەبچێت"،

هەروەها عارف تەیفوور ئەوەشی راگەیاند "ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە کۆمەڵێك شۆڤینی عەرەب کە بیرو بۆچوونی بەعسیان هەیە لەقوتابخانەی بەعس دەرچوونە دەستیان بەسەر پارێزگای نەینەوادا گرتووەو، هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ دانان بەمافەکانی کورد تێدا نییە".

سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان ئەوەشی گوت کە "ئەگەر قەزاو ناحیەکان بەردەوام بن لەبایکۆتکردنی پارێزگاری تازەی نەینەوا مافیان دەفەوتێ، ئەوەشی گوت "پێکەوە بەستنی کێشە لەگەڵ موسڵدا زیان بەهەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، کەرکوك تایبەتمەندی خۆی هەیەو کاتی خۆی کورد بەتەوافووق کردوویەتی، بەڵام ناکرێت بۆ ئەوانەی تریش وابکەین رازی بن". هەروەها خەسرۆ گۆران سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا سەبارەت بەو هەڵوێستەی لیستی حەدبا گوتی "لیستی حەدبا نیازو مەرامیان روون‌و ئاشکرایەو پەراوێزخستنی کوردو لیستی برایەتی مەبەستە".

### له مەخموور

# وەرشەی چاککردنەوەی ئامێرەکانی کشتوکاڵی کرایەوە



**خەلیل پالانی - مەخموور**

بەرپرسی رێکخراوی ( UNIDO FAO) سەبارەت بە پرۆژەکە بە (دەنگی مەخموور)ی راگەیاند "ئەو پرۆژەیە لەکۆمەکی (دول مانحە)یەو ئامانجیشی دابینکردنی کارە بۆ خەڵك، کردنەوەی وەرشەیەکی نمونەیی وا لەناوچەکە هەنگاوێکی نوێیە، کە تیایدا ئامێرێکی زۆر دابینکراوەو ئەوانەی کاری تێدا دەکەن مەشقی پیشەییان کردووە"، سەبارەت بەشێوازی کارکردنی وەرشەکە وتی "ئەو وەرشەیە کەرتی تایبەتە، بەڵام دەبێ بەنرخێکی هەرزانتر لەبازاڕ ئامێرە کشتوکاڵییەکان چاك بکەنەوە".

لەلایەکی تر (عەبدولرەزاق عوسمان) بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لەوەزارەتی پیشەسازی سەبارەت بەئەگەری بەکارهێنانی وەرشەکە لەلایەن سەرپەرشتیکارانییەوە زیاتر بۆ بەرژەوەندی خۆیان، وتی "کەفالەت لەبەرێزانی ئەو وەرشەیە وەرگیراوە، بۆ ئەوەی کە چوار ساڵی داهاتوو کار بۆ گەنجانی دەڤەرەکە بدۆزنەوەو بەهەرزانترین نرخیش ئامێرەکانی کشتوکاڵی چاك بکەنەوە، ئەگەر ئەوان نەیانتوانی ئەم کارە جێبەجێ بکەن ئەوا لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵ دەکرێت‌و شتەکانیان لێ وەردەگیرێتەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم وەرشەیە لەخزمەتی دەڤەرەکەدا دەبێت، چونکە ئەوان بە پلەی زۆر باش لە خولەکە دەرچوونە" هەروەها ناوبراو وتیشی "بۆ زیاتر پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی‌و پیشەسازی‌و کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری‌و پەرەپێدانی کارگە بچووك‌و مامناوەندییەکان بەهاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ‌و وەزارەتی پیشەسازی‌و بەهاوکاری‌و هەماهەنگی رێکخراوی (UNIDO,FAO) هەڵساوین دابینکردنی کۆمەڵێك ئامێری پێشکەوتوو و رێکخستنی کۆمەڵێك خول‌و راهێنانی پیشەیی بەمەبەستی کردنەوەی وەرشەیەکی چاککردنەوەی ئامێرەکانی کشتوکاڵی بۆ دەڤەرەکە"، لەلایەکی تر (ئیبراهیم حسەن) سەرپەرشتیاری وەرشەکە وتی "هەندێ ئامێری تر هەیە لەکشتوکاڵی هەولێر کە بەتازەیی هاتووەو لەوێ راگیراوە بەبێ ئەوەی سوودی لێ وەربگیرێت، ئێمە داوای ئەو کەلوپەلانە دەکەین کە زۆرمان پێویست پێی هەیە، وەك ئامێری تێست کە لەمەخموور نییەو دەبێ بۆ تێست لێرەوە بچینە هەولێرو بڕی تێچووی تێستیش هەشتا هەزار دینارە"، بۆیە سەرپەرشتیاری وەرشەکە داوای کرد کە وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ئامێرانەیان پێبدات بۆ زیاتر خزمەتگەیاندن بە دەڤەرەکە لەبواری کشتوکاڵەوە.

### له مەخموور

# دەزگای خێرخوازی روناهی، منداڵە شەڕانگێزەکان خەڵات دەکات



**خەلیل پالانی – مەخموور**

بەمەبەستی دوورکەوتنەوەی منداڵانی مەخموور لە توندوتیژی‌و بەکارهێنانی چەك و ئامێرەکانی تری هاوشێوەی کە هۆکاری نانەوەی توندوتیژین، دەزگای خێرخوازی رووناهی پرۆژەیەکی لەمەخموورو گوێڕ ئەنجامدا کە تیایدا لەنێو شەش قوتابخانەی گوێڕو هەشت قوتابخانەی مەخموور زیاتر لە ١٥٠٠ منداڵ بەشداریکردوە.

(سالح مەهدی) بەرپرسی پەیوەندی گشتی دەزگای خێرخوازی رووناهی دەربارەی پرۆژەکە وتی "پێکهاتووە لەچاپدانی نامیلکەیەك‌و گوتنەوەی وانەیەکی یەك کاتژمێری‌و هۆشیاریدان بەمنداڵان بۆ بەکارنەهێنانی ئەو چەك‌و ئامێرانەی کە دەبنە هۆکاری نانەوەی توندوتیژی‌و دواتر رەوانەی ماڵەوەمانکردن کە هەریەکێك لەو ئامێرانەی وەك چەك‌و چەقۆو دارلاستیك‌و... تد، هەیەتی بیهێنێ‌و دواتر بیخەنە نێو بەرمیلێکی ئاگر کە نیشانەی سوتان‌و نەمانی ئەو جۆرە ئامێرانەیە".

سەبارەت بەو بۆچوونەی لەلای منداڵانی دەڤەرەکە دروست بووە کە گوایە ئەو رێکخراوە دیاری بە منداڵە شەڕانگێزەکان دەدات‌و ئەوانی تر فەرامۆش دەکات وتی "لەبنچینەدا قسەکە وایە، بەڵام ئێمە وامان نەکردووە کە خودی ئەو منداڵانەو ئەوانی تریش، هەست بەوە بکەن کە ئەوانەمان هەڵبژاردووەو شەڕانگێزن"، دەربارەی ئامانج لە پرۆژەکە وتی "بۆ سڕینەوەی ئەو توندوتیژی‌و رق‌و کینەیە کە لەناخی منداڵاندا هەیەو فڕێی بدەن‌و لێرە بەدواوەش لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوەو وەکو برا بژین لەگەڵ یەکتر"، هەروەها لەشوێنی فڕێدانی ئەو شتانەش رێکخراوی ناوبراو دیاری پێشکەشکردن، هەروەها ناوبراو وتیشی "ئەم پرۆژەیە وەك دڵۆپێکە لەدەریایەکی پێویستیەکانی ئەم دەڤەرەو هیواداریین بەردەوام بین، چونکە لەو دەڤەرە کێشە زۆرەو خزمەتگوزاری زۆری پێویستە لە هەموو روویەکەوە".

سەبارەت بە پرۆژەی تر بۆ منداڵانی دەڤەرەکە وتی "هەوڵدەدەین کەموکوڕی‌و کێشەکانی تریش لەچوارچێوەی کاری خۆمان‌و لەگەڵ رێکخراوەکانی تریشدا بورووژێنین بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن شتی تریان بۆ بکەن لەرووی نۆژەنکردنەوەو پرۆژەی دیکەدا"، هەروەها دەربارەی نەخۆشییەکانی چاو بۆ منداڵان‌و تەمەنەکانی تریش وتی "داوامانکردووە لەقایمقامیتی قەزای مەخموور کە لەلیستێکدا ناوی ئەو کەسانەمان بۆ بەرز بکەنەوە کە نەخۆشی چاویان هەیە ئێمە چارەسەریان دەکەین بە خۆڕایی"، هەروەها وتیشی منداڵانی مەخموور هیچیان بۆ نەکراوە، ئەویش بەهۆی دوو ئیدارەیی‌و نەگەڕانەوەی ناوچەکە بۆ سەر کوردستانە.

# کارەبای مەخموور بەرەو باشی دەڕوات



دوای (٣١) ساڵ کارکردن توانرا گۆڕەرەکانی کارەبای مەخموور بگۆڕدرێت، وێستگەی کارەبای مەخموور لەساڵی (١٩٧٥) دانراوەو لەساڵی (١٩٧٨) دەستی بەکارکردووە، واتا لەماوەی چەندین ساڵەی رابردوودا توانیویەتی کارەبا بەشێوەیەکی راستەوخۆ دابەش بکاتە مەخمورو دەورووبەری، دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق وبەتایبەتی دەڤەری مەخموور بەرەو ئاوەدانکردنەوە هەنگاوی ناوە.لەرووی دابینکردنی کارەبا وێستگەی کارەبای مەخموور توانای دابینکردنی کارەبای نەبوو، لەژمارەکانی رابردووی (دەنگی مەخموور) لەسەر کارەبای مەخموورو وێستگەکە چەند زانیاریەکمان بلاوکردەوە کە ئەوکاتە خوالێخۆشبوو (مەغدید سلێمان رەزا) بەرپرسی کارەبای مەخموور بوو، ئەویش هەموو ئاواتی ئەوە بوو کە رۆژێك لەرۆژان ببینێت وێستگەی کارەبای مەخموور گۆرانکاری بکرێت، لەرۆژی ٢٠٠٩/٥/١٢ لەسەر بڕیاری حکومەتی عێراق توانرا (٢) مەحەویلەی کە هەریەکێکیان توانای (١٠) میگاواتی هەیە بگاتە ناو وێستگەی کارەبای مەخموور، لەمبارەوە بەرێز (ئازاد حوسێن سالح) بەرپرسی وێستگەکان بۆ (دەنگی مەخموور) بەم شێوەیە هاتە دوان:

(سەبارەت بەوێستگەی کارەبای مەخموور کە پێکهاتووە لە (٢) گۆڕەر قەبارەی (٢) MVA وەکو لەساڵی ١٩٧٨ کەوتە کار ئەوکاتە ئەم (MVA٥)ە بەشی شارۆچکەی مەخمووری دەکرد، پاشان کرا بەدووگۆڕەر دوای پرۆسەی ئازادی مەخموور یەکێك بوو لەو ناوچە دابڕاوانەی لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانرا ئاوەدانی لەم شارۆچکەیە دەست پێ بکات، ئەمەش بووە هۆی بوژانەوەی باری ئابووری خەڵك‌و بەکارهێنانی ئامێری کارەبا لەلایەن خەڵکەوە بێگومان پێویستی بەتەزووی کارەبای زیاتر هەیە، بۆیە دوای هێنانی دووگۆڕەری قەبارە (٢ MVA (١٠ لەشوێنی گۆڕەرە کۆنەکان پەنا بەخوا بتوانین چارەسەری بکەین.

هەروەها ئازاد حوسێن ئەوەشی وت کە: بەڵێ خوالێخۆشبوو (مام مەغدید رۆڵێکی بەرچاوو کاریگەرو بەدواداچوونی هەبوو لەگۆڕینی گۆڕەرەکان سوپاس بۆ خوا ئاواتەکانی هاتەدی.

سەبارەت بەم (MW٧) کە لەوێستگەی (١٣٢)KV گەیارەوە بۆمان دێت بەشی (٣) وێستگەی لێ دەدرێت ئەمانیش (مەخموور، قەراج، سولتان عەبدوللا) وێستگەی مەخموور پێویستی بە (١٢)MW هەیە وێستگەی قەراج پێویستی بە (٤)MW هەیە سولتان عەبدوللا پێویستی بە (٩)MW هەیە، ئێمەش خشتەیەکمان داناوە بۆ دابەش کردنی ئەم (٧)MW بەسەر هەرسێ وێستگەکە، هاولاتی لەشەوو رۆژێك دا(٦) کاتژمێر کارەبایان هەبێت.

# دوای زیاتر لەنیو سەدە
# کوردە جووەکانی مەخموور زێدی خۆیان بەسەر دەکەنەوە

ئا: خەلیل پالانی- مەخموور

بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی مێژووی دەڤەری مەخموورو شارەدێکانی دەوروبەری شتێکی ئەوتۆو سەرچاوەیەکی مێژوویی وەك پەرتووك و نووسراوی فەرمی زۆر بەکەمی و بگرە هەر بەرچاو ناکەوێ، هەرچەندە هەوڵەکان زۆرن بۆ نووسینەوەی مێژووی دێرینی دەڤەرەکە لەلایەن هەندێ لە رۆژنامەنووسانی ناوچەکەوە، بەلاّم تائێستا هەوڵەکان بۆ ئەم مەبەستە سەرکەوتوو نەبوونە، یاخود نەچووەتە واری کردارییەوە، ئەمیش بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست و باوەڕپێکراو لەبارەی مێژووی ئەو دەڤەرەو لەلایەکی دیکەوە لەلایەن نووسەرانی کوردو ناوچەکەو گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردستان و دەڤەرەکەشەوە گرنگییەکی ئەوتۆ بە مێژووی مەخموور نەدراوەو لەبارەیەوە نەنووسراوە، لێرەوە بەپێویستی دەزانم تەوەرێك لەسەر مێژووی دەڤەری



نیسان وسو لەگەڵ هێلینی خێزانی

مەخموور بکرێتەوە لە رۆژنامەی دەنگی مەخموورو نووسەران و رۆشنبیرانی دەڤەرەکە هەوڵی دلّسۆزانەی بۆ بدەن، تا لە لەناوچوون بپارێزری و نەوەی داهاتوو لە دەستنەکەوتنی سەرچاوەی مێژوویی لەبارەی ناوچەکە ئێمە بەنەفرەت نەکات.

دیارە کە مێژووی کۆچ کردنی جولەکە بەڕەگەز کوردەکانی مەخموورو دەوروبەری بۆ زیاتر لە نیو سەدە دەگەڕێتەوە، بەلاّم زۆر بەکەمی لەبارەیانەوە نووسراوە، هەروەك رۆژنامەنووس (محەممەد تەها) بە مانشێتی (کورد شەرم لە برایەتی لەگەڵ خزمە یەهودییەکان دەکات) بابەتێکی لەژمارە (١٢)ی رۆژنامەی ستاندەر بلاّوکردووەتەوە، هەروەك بلّێی ئەو شەرمەش بووبێتە هۆکاری شاردنەوەی ئەو مێژووەی کوردە جولەکەکانی دەڤەرەکەو نەنووسین لەبارەیانەوە لەلایەن نووسەرانی کوردو دەڤەری مەخمووریش بەتایبەتی، وا لێرەدا پەردە لەسەر ئەو شەرمە لادەبەین و مشتێك لە خەرمانی مێژووی دەڤەرەکە دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران.

جوولەکەکانی مەخموورو دەوروبەری بەپێی گوتەی خۆیان هەر لە مەخموور بووینەو تائێستا مێژوویەکی دیاریکراو دەستنەکەوتووە لە ساتەوەختی هاتنیان بۆ ئەو ناوچەیە بەلّکو وا پێدەچێ هەروەکو خەڵکی ناوچەکە لەدێر زەمانەوە دانیشتووی ئەو دەڤەرەبن، یەکێ لەو جووانە کە پێشتر "پێنج خێزان بوونەو نزیکەی ٤٠ کەس دەبوون، بە چەند قۆناغێك لە سەردەمی رژێمی پادشایەتی ئەوسای ئێراق راگوێزراون، هەر لەساڵی ١٩٤٧ەوە تا ساڵی ١٩٥١ بەلاّم بەشێوەیەکی گشتیو بەفەرمی لەساڵی ١٩٥١دا لەبەر مەترسی بۆ سەر گیانیان ناوچەکەیان جێهێشتووەو رووەو ئیسرائیل کۆچیان کردووە.

## سەرەتایەك بۆ دۆزینەوەیان

بەمەبەستی گەڕان بەدوای وەرگرتنی هەر زانیارییەك لەبارەی جولەکەکانی مەخموور، رۆژنامەنووس (محەممەد تەها) وتی"دوای ئازادی یەکجارەکیو رووخانی رژێمی بەعس، کە زانیم ئەوانە خەڵکی ئەو ناوچەن، گەڕاین بە دوایان بۆ ناسینی کەلتووریانو شارەزابوونیان و هاتنەوەیان بۆ مەخموور، لە رێگای دۆستێکی ئەوانەوە کە لە ناوچەی بادینانەوە هاتبوو، پرسیارم دەربارەی ناسنامەو ژمارە تەلەفۆنەکانیان کرد، ئیتر دوای گەڕانەوەی زانیاری دەربارەی ئەم خەڵکە بۆمان هێنا"، یەك لەو جولەکە کوردانە کە بۆ یەکەم جار توانراوە پەیوەندی لەگەڵ بکرێ (نیسان یوسف)بوو، کە جولەکەیەکی کوردی خەڵکی مەخموور بووە، یەکێك بووە لە خوێندەڤانانی ناوچەکەو لە ساڵانی پەنجاکانەوە رۆیشتووەو زۆر لە بەساڵاچووەکانی ناوچەکە دەناسێتەوە، لەوانە دکتۆر(عادل حەسەن حوسنی و مام هاوار ئاغا و بنەماڵەی ماڵی مام نادر سەفەر و رەحمان سەفەرو بنەماڵەی عەزیز جێژنیو...هتد).

## گەڕانەوەی دوو لە جووەکانی مەخموور بۆ سەر زێدی خۆیان

دوای زیاتر لە نیو سەدەو دوای تێپەڕبوونی پەنجاو هەشت ساڵ بەسەر دوورکەوتنەوەیان لە ناوچەکە (نیسان یوسف) و (عەدۆ پنحاس) دوای ئەوەی لە ئارامی رەوشی ناوچەکە دلّنیابوون، رۆژی ٢٠٠٩/٥/٦ بەسەردان هاتنەوە مەخموورو بە زێدی خۆیان شاد بوونەوە، ئەوان لەبارەی هەستی خۆیان بۆ ئەو سەردانەیان وتیان "ئێستا کە هاتووینەتە مەخموور، لامان وایە لە بەهەشتین"، ئەوان لەگفتوگۆ کردندا کوردییەکی باشیان دەزانیو بەشێوەزاری سۆرانی دەڤەرەکە دەدوان، دەربارەی خۆیان (نیسان) وتی "من ماڵم لە مەخموور بوو، ئەو کاتەی لە قوتابخانە بووم، ساڵی ١٩٥١ ئێمەیان گوازتەوەو رەوانەی ئیسرائیلیان کردین، بەلاّم لەو رۆژەوەی کە ئێرەمان جێهێشتووە تاوەکو ئێستا کە پەنجاو هەشت ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، ئێمە هەمیشە دلّمان لەگەڵ ئێوەو خزمەکان بووە"، هەروەها دەربارەی گەڕانەوەیان وتی "دیارە بەهۆی ئەوەی هەندێ لە خزم و ناسیاوو برادەرمان لێرە مابوون، دواتر کە زانیمان ئەوانە منداڵی خالّمانو خزمان دەبنەوە، هەفتانە پەیوەندی تەلەفۆنیمان



عەدۆ پنحاس

لەگەڵ یەك هەبوو، بۆیە حەزم کرد بێمەوە مەخموور، کە هاتم بینیم خەڵك جلی کوردییان لەبەرەو بارودۆخیان باشە زۆر دلّخۆش بووم"، هەروەها وتی "چوومە قوتابخانەکەی خۆم کە ئێستا (قوتابخانەی قەراجی سەرەتایی)یە لە مەخموور، زۆر بە گەرمی لەوێ پێشوازی کرام، ئێستاش چەند رۆژێکی تر بەنیازین بگەڕێینەوە ئیسرائیل"، دەربارەی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستای وتی "ماڵم لە (رەملەیە)، کە ١٥ کیلۆمەتر لە تەل ئەبیبەوە دوورە، ئێستاش لەو شوێنە جوو و دیان و موسلّمان هەیە".

(عەدۆ پنحاس) کە تەمەنی (٩) ساڵان بووە کاتێ مەخمووری جێهێشتووەو دایکی ناوی (مروەت)ەو جولەکەیەکی تری بە رەگەز کوردەو ئەویش بۆ سەردانی مەخموورو دۆستو برادەرەکانیو گۆڕی خزمو کەسوکارەکانی هاتبوو، وتی "دایكو باوکم لێرەبوون لەمەخموور، ساڵی (١٩٤٦-١٩٤٧) چووینە (قەپران) چوار پێنج ساڵ لەلای منداڵی (عەلی ئاغا) بووین، دواتر ساڵی ١٩٥١ چووینە ئیسرائیل، باوکم جگە لە دایکم ژنێکی تری هێناوە لەخەڵکی مەخموور بووە، ناوی (لەیلێ) بوو، دایکی نەمابوو، باوکی ناوی (وسۆك)بوو، برایەکی هەبوو بەناوی (ئیلیا)و دوو خوشکی هەبوو بەناوی (ئیستێر)و (سراح)"، هەروەها ئەو کوردە جولەکەیە وتی "ئێمە تائێستا لەناو خۆمان بەزمانی کوردیش دەدوێین، ئەگەرچی کەمێك لامان زەحمەتە، بەلاّم لەبیرمان نەکردووە، ئاواتی باوکم ئەوە بوو کە بێتەوە ناوچەکەو جارێکی دی برادەرانی ببینێتەوە، بەلاّم نەهات"، هەروەها وتی "سالّحی عەلی ئاغا پێی وتم باوکت پێش ئەوەی بچێتە ئیسرائیل لە لای باوکم وتبووی (ئاغا من دەچمە ئیسرائیل، ناتوانم بێمەوە ئێرە، بەلاّم رۆژێك دێ عەدۆی کوڕم بێتەوە سەردانی ناوچەکە) ئەوە ئەو رۆژەیە".

## مەخموور بەر لەنیو سەدە

سەبارەت بە جیاوازی مەخموور لەکاتی پێشوو و ئێستا (نیسان یوسف) وتی "مەخموور ئەو کاتەی ئێمە لێرە بووین بچووك بوو، نزیکەی پازدە تا بیست دوکانی لێ بوو، ئەگەرچی ئێستا دوکانی زۆری لێیەو خانووەکان زیادبوونە، بەلاّم بازاڕو دوکانەکان جوانو رێكو مۆدێرن نین وەکو ئیسرائیل، شەقامەکانی خاوێن نین و بینایەو خانووی جوانی کەمە، ئەویش هۆکاری زۆرە، ئاگادارم کە گەلێك شەڕ لە ئێراق روویداوەو خەڵك سەلیقەی نەبووە لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆی قسەی خۆش بکاتو زەردەخەنەیەك ببەخشێ بە خێزانەکەی"، هەروەها وتی "ئێستا لەگەڵ پێشتر مەخموور جیاوازی زۆرە، رۆشنبیری زۆرەو خەڵکەکەی زیاتر تێگەیشتووەو گەرمو گوڕترن لە جارانو بۆم روونبووە کە برادەرایەتیان لە بیر نەکردووە"، دەربارەی رەوشی ئابووری ئێستایان لەچاو پێشتر وتی "ئیسرائیل زۆر خۆشە، ئێستا هەژاری تێدا نییە، هەر کەسێکی بیەوێ کار بکات، دەرفەتی کارکردنی بۆ دەڕەخسێنن، دەتوانێ پارە بەدەست بێنێ و خانووی خۆش دروست دەکەن، ئەوەی نەیەوێ کار بکات و تەمبەڵ بێ ئەوا وەکو ئێرە وایە خۆی زەرەرمەند دەبێ"، سەبارەت بەوەی ئاخۆ بیری ناوچەکە دەکەن؟ وتی"لەو رۆژەی لێرە رۆیشتووم لەساڵی ١٩٥١ەوە دواتر لەساڵی ١٩٥٦ لە ئیسرائیل ژنم هێناوە، منو ماڵە مامەکانم کە لەناو سۆرانی گەورە بووین سەرمان بلّندە، ئەوەی لەناو سۆرانی گەورەبووبێ هەمیشە سەری بلّندە، لەو کاتەوە تا ئێستا ئێوەمان لەبیر نەکردووە، ئەگەر ئێوەمان لەبیر بکردایە ئەوا نەدەهاتین".

## کەسایەتی و گوزەرانی جووەکانی مەخموور بەر لەساڵی ١٩٥١

جووەکانی مەخموور نەریتێکی تایبەتی خۆیان هەبووە، بۆ نموونە لە "١٠/٢٠-١١/١٥ی هەموو ساڵێك هەر رۆژێك لەو نێوەندەدا کەشوهەوا لەبار بوایە یادی جەژنی خۆیان دەکردەوە، کە پێیان دەوت (کەپرە شینە)، لەم رۆژەدا ساباتێکیان دروست دەکرد، هەموو جۆرە میوەو بەرهەمێکی کشتوکاڵیان پێوە دەکرد، هەر لەو رۆژەدا پیاوماقوولی خەڵکی مەخموورییان داوەت دەکرد بۆ بەشداری کردن لەو رێورەسمەدا، جگە لەوەش رۆژی شەمووان ئاگرکردنەوە لای ئەوان قەدەغە بوو، لەو رۆژەی هەفتەش سەفەر کردن شووم بوو، هەروەها کاتێك یەکێکیان لێ دەمرد پەنجەی شەهادەی هەردوو دەستیان دەشکاندەوەو بە دانیشتنەوە روو لە قودس دەیاننێشت"، بەلاّم (نیسان) وتی "ئەمە ئەوکاتی وابوو هۆشیاری نەبوو بەلاّم ئێستا وا نییە"، ئەو جولەکانەش (٢٤) گۆڕیان لە مەخموور هەیە کە کەوتووەتە نزیك کانی (ئاوی بنبەرد).

لەکەسایەتییە ناودارەکانی کوردە جووەکانی ناوچەکە (خدرۆکی گەورە) یا بە (خدرۆکە جوو)ش ناو دەبرا، کە ماڵی لەشوێنی ئێستای ماڵی (عەزیز جێژنی) بووە، ئەو جووە ریشێکی درێژی بەردەدایەوە، وەکو رابەری دینی بووە بۆ جووەکانی دەڤەرەکەو پێیان دەوت (مالم)، ئەو جولەکەیە زۆر دەولّەمەند بوو، لەسەردەمی (عەلی قامچی رەش) بە هاوبەشی مەڕی بەخێو کردووە لەگەڵ حاجی (رەحمان سەفەر) کە ئەو کاتە موختاری مەخموور بووە، هەروەها مەڕو مالاّتو پارەو دەغڵو دانی بە قەرز دەدا بە خەڵکی ناوچەکەو لەگەڵ (کاکۆ سەفەر)و (ئەحمەد چەلەبی) بە هاوبەشی مەڕو مالاّتیان هەبووە، ژنەکەی کە ناوی (رەیحانە) بووە، هەمیشە جلی کوردی لەبەر کردووەو زۆر عەوداڵی شایی کوردی بووە، هەروەها رۆڵی پەرستیاری بینیوە لە دروست کردن و بەکارهێنانی داودەرمانی گیایی، یەك لەو دەرمانانە (قرمز) بووە کە دەرمانێکی سوور بووە بۆ سکچوون و هەوکردنی قورگ و چاوکولی باش بووە، ئەم جولەکە سێ کوڕی هەبووە بەناوی (شابۆ، رەفائیل، یوسا)و چوار کچیشی هەبوو بەناوی (سەنعا، مەلکە، سولاحی، ئیسترۆك)، کە رەفائیل لەحیزبی شیوعی کاری دەکردو لە نزیکەوە برادەری (نووری سەعید) بووە، دواتر لەبەغدا دەستگیر کراوەو بالیۆزخانەی بەریتانی هاوکارییان کردووە بۆ رەوانە کردنی بۆ ئیسرائیل.

جگە لەمە جووی دیکە هەبوون بەناوی (دانۆ، سقیلۆ، یوسا خەتێ)، کە ئەوانە لە خانووی (سەعدی تەها) بوون، خوشکێکیان هەبوو، بەلاّم ناوەکەیان بۆمان دەرنەخست و هۆکارەکەشیان روون نەکردەوە، هەروەها (وسوو جوو) کە کوڕو کچێکی هەبوو لە خانووی (یابە نالّبەند) بوون، کوڕەکەی ناوی (نیسان) بووەو خێزانی کوڕەکەیشی ناوی (هیلان)ەو ئێستا لە (تەبەریە)ی ئیسرائیل دەژین.

هەروەها (خدرۆك ژنانی) کە ژنەکەی ناوی (مەریەم)ەو کچێکی سێ ساڵانی بووە لە مەخموورو مردووە، برایەکی هەبووە ناوی (عیسمەت) بووە لە دیبەگە بووە.

(عەدۆ پنحاس) دەربارەی کاری خۆیان لە ناوچەکە وتی "کە لەمەخموور بووین نازانم باوکم چ کارێکی دەکرد، بەلاّم کە (ئۆشێ)ی مامم، ئەویش لەمەخموور بوو، کارگەی جاجمو بەدلەی هەبوو بردیە قەپران، ئێمەش چووینە ئەوێ لەوێ بابم جاجمو بەدلەی دروست دەکرد".

(نیسان یوسف) دەربارەی ئەو کەسانەی کە دەیانناسێت وتی " ماڵی رەمەزان زەمۆكو عوسمان حەمە لەكو ماڵی پلکە زورەو حوسێن حەبابیو ئەحمەد چایچیو بنەماڵەی مام نادرو رەحمان سەفەرو عەزیز جێژنیو زۆری تریش ئەوانەم لەبیرەو دەمناسین"، سەبارەت بە هاوار ئاغاش وتی "جار بەجار هاوار ئاغا کاتێ میوانی دەهات، منی دەنارده هەولێرێ شتم بۆ دەکڕین، من کوڕی ماڵێ بووم"، هەروەها دەربارەی دکتۆر (عادل)یش وتی "دکتۆر عادل حەسەن حوسنی برادەرم بوو لە مەکتەبێ، دوکانی نەوتو بەنزینیان هەبوو، کە ئەو کات نەوتو بەنزین لە تەنەکەی کەپس دەفرۆشرا، دەچووین لەوێ یاری قومارمان دەکرد لەگەڵ (غازی)، کە یاریمان دەکرد چارەکە دینارێکم لێ دەبردنەوە، رۆژێك مام (حەسەن) بانگی کردم وتی (دایکی منداڵەکانت ئەوها لێکرد، چیدی قوماریان لەگەڵ مەکە، ئێمە رۆژێ درهەمێکمان نایەتە دەست ئەتوو چارەکە دینارێکیان لێ بەردەدەیتەوە).



## ئێمە لەلایەنی ئایینیەوە جوولەکەین و بەڕەگەز کوردین

## جولەکەکانی مەخموورو گوزەرانیان لە ئیسرائیل

دەربارەی پلەی کوردان لەلایەن حکومەتی ئیسرائیل (نیسان یوسف) وتی "پلەی کوردان زۆر گەورەیە لەئیسرائیل، ئێمەی ئیسرائیلی دەزانین کە رۆژێك دادێو هەر دەبێ پێکەوە جووت بکەین"، سەبارەت بە ئەگەری گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکە وتی "باوەڕناکەم بەیەکجاری بگەڕێینەوە سەر زێدی خۆمان کە مەخموورە، چونکە منداڵەکان تایبەتمەندییەکی تریان وەرگرتووە، هەندێك ژنە رۆمانییان هێناوەو هەندێ شوویان بە ئەوروپایی کردووە، ناتوانم ئەورۆ پاڵەپەستۆ بخەمە سەر حەوت منداڵەکەمو هەژدە نۆزدە منداڵی منداڵم بۆ ئەوەی بێنەوە ئێرە، بەلاّم بۆ سەردانی کردنی ئێرە ئەگەر رەوشی ئەمنی ناوچەکە وا باش بێت ئەوا خەڵك لە ئیسرائیلەوە دەچێتە تایلەند بە دووهەزار دۆلار بۆ نایەنە ئێرە بە هەزار دۆلار هەم خزمەکانو برادەری خۆیشیان دەبینن"، هەروەها وتی "ئێمە لەلایەنی ئایینیەوە جوولەکەینو بەڕەگەز کوردین، لەئیسرائیل نزیکەی بیست و پێنج هەزار کوردی سۆرانی و هی لای دهۆکیش پازدە هەزار دەبن، ئەوەی من دەزانم بیست مۆشاب هەیە کاتێ ئێمە چووینە فەلەستین هەریەکە بیست دۆنم زەویان پێدایین بۆ بەخێو کردنی مەڕو مالاّت، تا ئێستاش بە هەمان نەریتی ئەو ناوچەیە دەژینو هەر بە کورد ماوینو توانیومانە زمانەکەمان بپارێزینو ئەو خواردنو چێشتەی لێرە کورد لێی دەنێ ئێستاش خێزانەکەم دەیکات".

ماوە بلّێین هێشتا زانیاری دەربارەی کوردە جووەکانی مەخموور زۆرنو تائێستا پەردە لەسەر رووی ئەو وردەکارییانە لانەدراوە، کە بێگومان ئەو زانیارییە مێژووییانەش بەشێکی گرنگن لە مێژووی دێرینی دەڤەرەکەو دەتوانرێ وەك سەرچاوەیەکی مێژووی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی سوودی لێ وەربگیرێ.



دانۆ و کچەکەی



خدرۆك ژنانی لای راست